عێراق داوا لە حکومەت و پەرلەمانە عەرەبییەکان دەکات هەموو هەوڵێک بۆ پشتیوانیکردن لە فەڵەستین بخەنەگەڕ

ئەمڕۆ دووشەممە، موحسین مەندەلاوی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت، داوای لە حکومەت و پەرلەمانە عەرەبییەکان کرد، هەموو هەوڵێک بدەن بۆ پشتیوانیکردن لە فەڵەستین و ڕاگرتنی دەستدرێژی و هەڵگرتنی گەمارۆ.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند "محسین مەندەلاوی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت، بەشداریی لە کۆبوونەوەی کۆتایی کۆبوونەوەی سی و شەشەمین کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانەکانی عەرەبی کرد کە لە ناوەندی کۆنگرەی نێودەوڵەتییەکان لە جەزائیر بەڕێوەچوو“.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، مەندەلاوی لە میانەی وتارەکەیدا لە کۆتایی کۆنگرەکەدا، سەرەخۆشی و هاوخەمی دڵسۆزانەی خۆی پێشکەش بە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد بە هۆی کۆچی دوایی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی و هاوکارە باڵاکانی لە ڕووداوی فڕۆکەکەدا، هەروەها داوای لە حکومەت و پەرلەمانەکانی عەرەبی کرد کە هەموو هەوڵێکیان بۆ پشتیوانی لە برا فەلەستینییەکان بخەنەگەڕ، وجەختی لەوە کردەوە کە عێراق لە هیچ هەوڵێک بۆ پشتیوانی لە دۆزی فەلەستین و ڕاگرتنی شەڕی جینۆساید و هەڵگرتنی ئەو گەمارۆ و نادادپەروەرییە مێژووییەی کە بەسەر گەلی فەلەستین

سەپێنراوە، ناپارێزێت.“

مەندەلاوی ستایشی هەوڵەکانی هەموو پەرلەمانە عەرەبییەکانی کرد لە پاڵپشتی و هاوکاریکردنی عێراق لە ماوەی خولی سەرۆکایەتی یەکێتیدا لە خولی پێشوو، هاوکات داوای لە هەموو برایانی عەرەب کرد کەهەموو جۆرە پاڵپشتییەک پێشکەش بە بەڕێز ئیبراهیم بو غالی بکەن لە ماوەی سەرۆکایەتی ئێستای یەکێتی پەرلەمانی عەرەبیدا وهیوای سەرکەوتنی بۆی خواست لە ئەرکە نوێیەکەیدا.“